سیاسەتمەدارێکی کوردی ئێزدیی جێرجیا توانی بە جاری سێیەم ببێتە ئەندام پەرلەمانی جێرجیا



هەڵبژاردنی پەرلەمانی جێرجیا بەڕێوەچوو، بەگوێرەی ئەنجامە سەرەتاییەکان کە ناوەندی هەڵبژاردنکانی جێرجیا ڕایگەیاندووە، جارێکی دیکە "پارتی هیوا" متمانەی زۆرینەی دەنگدەرانی بەدەست هێنا و زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی مسۆگەر کردووە.

یەکێک لە دەرچووەکان، ئیسکێ داسنی سیاسەتمەدارێکی کوردی ئێزدیی جێرجیا، کە بە جاری یەکەم لە 8ی ئۆکتۆبەری 2016 لەسەر لیستی پارتی هیوا، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و بە یەکەمجار بچێتە پەرلەمان.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی 31ی تشرینی یەکەمی 2020 بە جاری دووەم متمانەی دەنگدەرانی بەدەست هێنایەوە.

هەروەها لە هەڵبژاردنی 26ی تشرینی یەکەمی 2024، بە جاری سێیەم سەرکەوتنی بەدەست هێناو ڕێکەردێکی نوێی تۆمار کرد و بووە ئەندامی پەرلەمان، ئیسکێ داسنی لە 30ی ئاداری 1958 لە تبلیسی پایتەختی جێرجیا لەدایک بووە.